


ئارام کاکەی فەلاح

من ناوم غەریبە، غەریب ریکۆرد. رەنگبێ پێتان خۆش بێ بزانن ئەم ناوەی من بۆ وا غەریبو سەیرەو لەکوێوە هاتووە؟ لەڕاستیدا ئەمە نازناوی منەو ماوەی بیست ساڵێکە وای لێهاتووە، دەنا پێش ئەوە نازناوم (خەریك ریکۆرد) بوو، رۆژێ لەڕۆژان، جارێك لەجارەکان خەریك بوو ریکۆردێك بشکێنمو نەیانهێشت، خەریك بوو ناوم هەر ئەوسا بچێتە دەفتەری ریکۆردەکەوە، کە بۆ منو هاوڕێکانمو زۆر کەسی تریش هەموو دونیا بوو.

بەتێپەڕبوونی رۆژگارو سوعبەتی هاوڕێکانم، نازناوەکەم گۆڕانی بەسەردا هاتو وەك هەندێ لەووشەکانی زمان سواو بۆ ئاسانکرد شێوەی دەموچاوی وەرگرتو لەخەریکەوە بوو بەغەریب. لێتان ناشارمەوە هەر لەناو ئەو پرۆسەیەدا بۆ ماوەیەکی کەم پێش ئەوەی ببم بەغەریب لەخەریکەوە بووبووم بەفەریکو بەقەدەر ئەم دونیایەم پێ ناخۆش بوو کە وایان پێدەوتم، چونکە فەریکە نۆکم بیردەکەوتەوە. فەریکیش لای من گوڵەبەڕۆژەی لێدەرچێ، شەرمنترینو هەژارترین خواردنی دونیایە. باش بوو رۆمانی پاریسی ئەو هاوڕێیەی ئەم چیرۆکەی بۆ دەنێرم، هەر زوو فریام کەوتو وای کرد ببم بەغەریب.

ئێستا من لەنازناوەکەی خۆم رازیمو تا سەر ئێسقان هەست دەکەم غەریبم. بەتایبەتی دوای ئەوەی هاوڕێکانم جێیان هێشتمو بەتەنیا مامەوە. یان گێژەڵووکەی مەرگ بردنی، یان لافاوی بێ رەحمی زەمانە بەتەڕی دووری خستنەوە. حەزدەکەم ئەوەش بڵێم کە وەستانی زۆری من لەسەر نازناوەکەم پەیوەندییەکی

تەواوی بەم چیرۆکەی من‌و هاوڕێکانمەوە هەیە کە بەجۆرێك لەجۆرەکان هەوڵدەدەم بینووسمەوەو بەزووترین کات بینێرم بۆ رۆمانی هاوڕێم کە هەر لەمنداڵییەوە حەزی دەکرد ژیان لەپاریس بباتە سەر، ئەویش لەلای خۆیەوە بیداتە دەست تۆی خوێنەری ئازیز، تۆیەك کە کلیلێکم بۆ دێنیتەوە، کلیلێك کە پاریسی پێت دەدات‌و نابێ بەهیچ شێوەیەك ونبێت. جا تکایە ئەم چیرۆکە باش بخوێنەوە بۆ ئەوەی ئەو کلیلە بگەیەنیتە دەستم، چونکە رۆمان بەقسەی خۆی دوو جاری‌تر دابووی بەخەڵکانی جیاواز–جیاواز، ئەوانەی سەردانی کوردستان دەکەنەوە، هەر شەو لەکاتی شپرزەیی جانتا ئامادەکردندا دوو جاران کلیلەکەیان ون کردبوو بەزەحمەت دۆزرابووەوە بۆیە پاریسی پێشنیاری ئەوەی کرد کە من، منێك کە کەمێك دەستی نووسینم هەبوو، کە هاوڕێکانم ئینشاکانی منیان لەتاقیکردنەوەکاندا قۆپی دەکرد، منێك کە هەر لەمنداڵییەوە حەزم دەکرد دوای حیکایەتی ئەو کەسانە بکەوم، کە بێدەنگ تێدەپەڕن‌و شتێکی تەڵخ، هەناسەیەکی سارد، دووکەڵێك لەتەماشاو نیگادا، لافاوێك لەناو دڵدا، بارانێك لەگلێنەدا، بروسکەیەك لەڕۆحێکی برینداردا لەدوای خۆیانەوە لەشوێنێکی دووردەست جێ‌دەهێڵن‌و جێ‌ناهێڵن، منێك هەر بەو پاکی‌و شەرمنییەی جارانمەوە بێم‌و حیکایەتی هەر چوارمان بنووسمەوە. چواری چی؟ دووانمان ماوین، ئاخ گەر چیرۆکنووس دەبووم ئەی خوێنەری خۆشەویست وا بەئاسانی ئەوەم نەدەدا بەدەستەوە کە لەچوار دووانمان ماوین، دووانەکەی تر کێن؟ کوان؟ چییان لێ‌هات؟

من دەمووت پاریسی تۆ داوایەکی زەحمەت لەمن دەکەیت، من ئەگەر بێم‌و ئەو چیرۆکە بنووسمەوە، ناتوانم نەپاك بم، نە شەرمن. ئەویش دەیووت چۆنت پێ خۆشە با وابێ، گرنگ ئەوەیە بنووسرێتەوە.

بەهەر حاڵ ئێمە چوار هاوڕێ بووین. ئەمەی ئێوە دەیخوێننەوە حیکایەتی چوار کەسە لەگەڵ ئەو پیاوکوژەی کە هەر لەمنداڵییەوە دڵم خەبەری دابوو کە تەنها بۆ ئەوە لەدایك بووە کە بگیرێت. من هەر دەمزانی کە ئەو مرۆڤێکی هەڵەبوو، لەکات‌و شوێنێکی هەڵەدا دەژیاو ژیانی پەلەپەل‌و شیتاڵ–شیتاڵ کردین‌و ون بوو.

من هەر زوو دوای حیکایەتی ئەو سیحربازە کەوتم. زانیم کە ئەو رووداوە سەیرانەی ئەم ناوەو ئەم گەڕەکەی ئێمە پەیوەندییەکی تەواوی بەوەوە هەیە، بەڵام حەیف درەنگ بڕوایان پێکردم. من هەر لەمنداڵییەوە خولیای ئەوە بووم کە حەقی لێ بکەمەوە، حەقی دڵڕەقییەك کە نازانم لەچ تاریکی‌و زوڵووماتێکەوە قەرزی کردبوو، هێنابوویی‌و بەسەر ئێمەدا تاقیدەکردەوە. ئێوە چووزانن چ قەهرو دەردێکی کردە دڵمەوە، قەهرو دەردێك وەك خۆرە بەدڵمەوە نووساو قەت لێم نەبووەوە.

من رۆژگارێکی زۆر، شەوانێکی دووروودرێژ بەدیار ئەو خەیاڵانەوە دادەنیشتم‌و وەك مۆمێکی ماندوو ئارەقەم لێ‌دەچۆڕاو سووتاوم. ئەو خەیاڵانەی کە ئێستادوای عومرێك لەحەسرەت‌و دوودڵی‌و خواردنی بەرچنە دوای بەرچنەی غەم، دەمەوێت لەژوورە تاریکەکانی بیرەوەریمدا، بەخەیاڵمدا گوزەر بکەن‌و بیانووسمەوە.

ئازاری گێڕانەوە چزە لەڕۆحم هەڵدەستێنێ‌و دڵم نێڵەنێڵ دەسووتێ‌و لەدوای خۆیەوە دووکەڵێك جێدێڵێت. ئیشی من ئەوەیە ئەو دووکەڵە ببینم‌و بگرم‌و بنووسمەوە تا بینێرم بۆ رۆمانی هاوڕێم‌و ئەویش لای خۆیەوە بیداتە دەست کەسێك کلیلێکم بۆ دێنێتەوە. من ئێستا ئاگام لەوە نییە کە ئێوە چەند پاریسی

دەناسن و چەند تێکەڵاوتانەو بەچی بانگی دەکەن؟ بەڵام من لێرەدا نهێنییەك باس دەکەم کە تەنها من و ئەو ئاگامان لێیەتی و ناشزانم چەندی پێ خۆشە درکاندنی؟ بەڵام من هەر لەبەر خاتری چیرۆکەکە دەیگێڕمەوە.

وەك لەپێشدا وتم کە ڕۆمان یارمەتی منی‌داو لەفەریکەوە کردمی بەغەریب، منیش لەهەمان کاتدا یارمەتی ئەوم داو لەڕۆمانی گوڵەبەڕۆژەوە کردمەوە بەڕۆمانی پاریسی. ئەوە ڕێکەوتنێکی نهێنی نێوان هەردووکمان بوو کە هەردوو لامان بەسەرکەوتوویی لێی دەرچووین.

ڕۆمان بەمنداڵی لەکاتی هاویندا دەچووە دێیەکەی باپیرەی (باپیرەی لەدایکییەوە). هاوینێك لەهاوینەکان لەناو کێڵگەی گوڵەبەڕۆژەکانی باپیرەیدا عاشقی کیژێکی جوانکیلە دەبێ و پێی دەڵێ:

—خۆشم دەوێیت. گەورەبم دەتبەم بۆ پاریس.

ئەویش دەڵێ:

—من نایەم بۆ ماڵی بایز.

—بایز نا، پاریس.

—بۆ ماڵی ئەوانیش نایەم.

—ئەی یار! یاری نازدار! وەرە لەگەڵما، باشە گەر ئەم کێڵگەی گوڵەبەڕۆژەیەت بەچەند سەعاتێك بۆ بخۆم بڕوام پێ دەکەی؟ بڕوا بەخۆشەویستییەکەم دەکەیت؟

—هەموو ئەم کێڵگەیە؟

ڕۆمانیش بەوشە وەڵامی نەدابووەوە بەڵکو یەکسەر دەستی کردبوو بەگوڵەبەڕۆژە خواردن. دوور لەچاوانی باپیرەو خەڵکی ئاوایی، چەند سەعاتێك هەمووی خواردبوو، بەچەند چرکەیەك پێش ئەوەی بڕشێتەوەو هەمووی بێنێتەوە. کچەکە پێی وتبوو:

—نا، نایەم، باوکم نایەڵێ بچم بۆ ماڵی کەس.

ڕۆمانیش دوای ئەو ڕستەیە، ڕشانەوەیەکی سەیر ڕشایەوە، تایەکی گەرم لەوانەی هێلکەت بۆ دەکوڵێنێت هەموو گیانی گرتەوە، هێزی وەڵامدانەوەی نەماو بێ‌هۆش کەوت. باپیرە بەپەلە هێنایەوە بۆ شار هەفتەیەك لەخەستەخانە کەوت و چەند ئاویان پیا هەڵواسی، تا مانگێ سکی دەچوو، سکچوونی چی؟ دڕك دادەنیشت.

دکتۆر پێی دەووت، کوڕم تۆ گوڵەبەڕۆژەت خواردووە یان دڕکەکانی هەموو دونیا؟ ئەمیش دەیووت: دوکتۆر گیان! سەیرکە، عەشق چی لێ‌کردم.

دکتۆریش دەیووت، عەشقی چی؟ تۆ هەر بەقەد گوونی خۆت دەبی، تۆ جارێ منداڵی.

ڕۆمانیش بەدەم ئازاری سکەوە دەیووت، عەشق هەر بەمنداڵی خۆشە بەمنداڵی دەکرێ و لەوەدەچێ هەر بەمنداڵیش بمرێ. ئێستا عەشق لەدڵی منا مرد، دوکتۆرگیان عەشق مرد. دەرمانێکم بەرێ بیخۆم و عەشقم بیرچێتەوە، مەرهەمێك دڵمی پێ چەور بکەم و دەرگاکانی تا ئەبەد دابخەم. دکتۆر گیان! ئێستا من بەم ئازارەوە هەست دەکەم کە ئەمە ئازاری سکم نییە، بەڵکو ئازاری دڵمەو سکم دەیچێژێ، نازونووزی دڵمەو سکم نرخەکەی دەداو دەڵێ با لەسەر خۆمان بێ، دڵم موسافیرە دکتۆر گیان! موسافیر، بڕوا ناکەم جارێکی‌تر سەفەری وا بکات. منی نیوەمردوو ئێستا هەست دەکەم کە عەشق لەگۆڕستانێك دەچێ، کە تیایدا مردن ئەزموون دەکەی بەبێ ئەوەی بمریت.

دکتۆریش بەگومانەوە، لەژێر چاویلکەکەیەوە سەیری ئەم منداڵەی دەکرد کە بەو شێوەیە باسی عەشق دەکات. بەسەرسووڕمانەوە پێی وت:

–ڕۆڵە! ئەو قسانە سەیرە لەمنداڵێکەوە. یەکێ ئەو قسانە دەکات کە عەشق هەزار هەڵبەزو دابەزی پێکردبێت.

–تۆش دکتۆر گیان! یەکێکم لەسەر ئەم زەمینە بۆ بدۆزەرەوە لەم تەمەنەی مندا، کێڵگەیەك گوڵەبەڕۆژە، بەدرك‌ودالییەوە، بەتوێکڵییەوە، بەبەردەوە خواردبێ تەنها لەبەر خاتری کیژێك کە خۆشم دەوێ‌و لەساڵێکدا، دوو هەفتەی هاوینان لەکوێرە دێیەکی باپیرە دەیبینم‌و هیچی‌تر.

–ئاخر کوڕی خۆم! ئەمە چ دەرگایەکە وا زوو لەسەر خۆت کردەوە؟

–ئای دکتۆر! بڕوا ناکەم کەسمان لەکردنەوەی ئەو دەرگایەدا سەربەست بین، دەرگایەکە دەیکەیتەوەو ناشزانی چی چاوەڕێت دەکات کێ لەپشت ئەو دەرگایەوەیە؟ کێ وەستاوە؟ نازانین.. نازانین. چۆن بزانین؟ کە ژیان‌و خەون‌و عەشق سێ شتن، کە قەت خۆمان هەڵیاننابژێرین. مام دکتۆر عەشق لەولاتی ئێمەدا لەیانەسیب دەچێ، قەت لەسەرەتادا نازانی بۆت دەردەچێ یان نا، هەروەك کڕینی ئەو پارچە کاغەزەش سەرەتاکانی پڕێتی لەفەنتازیا، فەنتازیایەك کە ئامادەیە تا ناو گۆڕ لەگەڵ خۆیدا بتبات.

دکتۆر لەو قسانەوە ڕۆمانی زۆر دەچێ بەدڵدا، پێی سەیر بوو کە منداڵێکی ئاوا بەو هەموو خەم‌و قەهرەوە قسەی وا دەکات. ئەو ڕۆژەی کە لەخەستەخانە دەرچوو، دکتۆر پێی ووت:

–کاکە ڕۆمان! هەموو کاتێ گەر پێویستیت بەدکتۆر بوو، وەرە بۆ لام، من بەخۆڕایی هەموو شتێکت بۆ دەکەم. نەك تەنها بۆ تۆ، بەڵکو بۆ هەمووتان، بۆ دایك‌و باوکت، بۆ خزمەکانت، بۆ باپیرەت، تەنانەت بۆ ئەو کیژەش کە ئەو هەموو بەردو دڕکەی پێ خواردیت. بۆ هەمووتان پشکنین‌و داودەرمان بەخۆڕایی.

لەدوای ئەو ڕووداوەوە بوو کە بوو بەڕۆمانی گوڵەبەڕۆژە، هەر کە گوێی لەگوڵەبەڕۆژە دەبوو وەك دڵی هەنجن هەنجن کەیت دەمردو زیندوو دەبووەوە، ئێوارەیەك لەئێوارەکان، من‌و ئەو لەژێر گڵۆپی زەردی عەموودی کۆڵاندا پەیمانمان دا بەیەك کە ئەو من بکات بەغەریب‌و منیش ئەو بکەمەوە بەڕۆمانی پاریسی.

ئێستا خوێنەری خۆشەویست! کەمێك ڕۆمانتان ناسی. ئەوە ئەو کەسەیە کە من ئەم چیرۆکەی بۆ دەنێرم‌و کلیلێکتان پێ دەدات کە نابێ ونی بکەن. من دەزانم کە بەتەواوی کاتی ئەوە هاتووە کە حیکایەتی من‌و پاریسی‌و کۆپی یەکترو ئەو کلیلە بگێڕمەوە. دەنا خوێنەر دیق دەکات‌و لەداخدا لەجیاتی جارێك هەزار جار کلیلەکەم لێ ون دەکات.

هەر لەسەرەتاوە حەزدەکەم ئەوە بڵێم کە ئەوانە هەڵەن وا دەزانن ڕووداوەکان لەو ئێوارەیەوە دەستپێدەکەن کە هەردوو هاوڕێی تەمەنمان (کۆپی یەکتر) دیار نەمان.

من حیکایەتی پێش ئەوانیشم لایە، سەرگوزشتەی ئەو پیاوە نابەڵەدەی کە بەڕێکەوت شەوێکی پاییز، ڕێی دەکەوێتە ناو دڕکەکانی بەردەرگای ماڵی سیحربازەکە. هەر دەیەوێ لێی بێتە دەرەوەو ڕزگاری بێ، ناتوانێ. تاچەند مەترێك لای بەردەرگای ماڵەکەیەوە دەبێ بەبەرد. من خۆم بینیم کە بوو بەبەرد، هەرچەندە تەماشام زۆر ڕوون نەبوو، جامی گلێنەم پڕ بووبوو لەفرمێسك، من لەناو دڕکەکانەوە بینیم. ترسام‌و ڕامکردەوە بۆ ماڵەوە، کە بەیانی زوو هاتمە دەرەوەو سەیرم کرد پەیکەرێك کە زۆر لەو پیاوە دەچێ لەبەردەمی ماڵەکەیدا چەقیووە، بەشێوەیەك کە شارەوانی بەشۆفڵیش بۆی لاناچێت. ئەو هەموو ساڵانە

تێپەڕینو ئێستاش ژنی ئەو پیاوە، ئەو پیاوەی بوو بەبەرد، دێتو جارجار سەردانی مێردەکەی دەکاتو چاوتەڕ–چاوتەڕ دەڕواتەوە. هەموو جارێ بەخەیاڵی جیاواز–جیاواز سەیری دەکات. ڕۆژێ دەڵێ کە ئەوە کتومت خۆیەتی. ڕۆژێ‌تر دەڵێ لەو دەکات، جارجاریش شکێ وەك خەمێ لەناکاو بەردڵی دەگرێو دەڵێ، هەندێ شتی هاوبەشیان تیایە، تۆ بڵێی ئەو بێ؟ ئەوەی من کەمێ غەمگینتر بوو. من ماوەیەك دوای حیکایەتی ئەو ژنەش کەوتم. دوای چیرۆکی ئەم دوو عاشقە پیرە. تا زانیم ئەو پیاوە، بۆچی ڕێی کەوتۆتە ئەم ناوە! من داخەکەم درەنگ، زۆر درەنگ پێم زانیو نەمتوانی یارمەتی بدەم. درەنگ پێم زانی کە هاتنی ئەو مێردە بەردینە بۆ لای دڕکەکانی سیحربازەکە بۆ بەدەستهێنانی جۆرە شلەمەنیو دەرمانێك بوو بۆ ژنەکەی. نازانم لەکوێ بیستبووی کە لەناو لاسکی درێژی ئەو دڕکانەدا جۆرە شیرێکی تیایە کە نەخۆشی پێستی ژنەکەی چاك دەکاتەوە، نەخۆشییەك کە هیچ دوکتۆرو حەکیمو دەرماننناسێك پێی نەدەوێرا. برینی وەك گوڵەباخی دەمکراوە، پڕ بەدەم خوێن لەسەر لەشی ئەم ژنە دروست دەبوو، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەم گوڵانە لەزیادبووندا بوون بەجۆرێك پێیان وتبوو کە ئەگەر چارەسەری نەکات، ئەوا بەم نزیکانە هەموو لەشی دەبێتە (باخچەی پاشا لەوبەر ئاوە، خێڵی دوژمن دەورەی داوە).

بەڵام ئێستا کاتی ئەوەم نییە، حیکایەتی ئەوان هەڵدەگرم بۆ کاتێکی‌تر، بەم زووانە ڕەنگبێ کە لەم چیرۆکە بوومەوە، حیکایەتی ئەوانیش بنووسمەوە، ڕەنگە هەر ناوی بنێم ئەو پیاوەی کە بوو بەبەرد، گەر یەکێ پێی خۆش بێ، با بەنامە یان ئی–مایل ئاگادارم بکاتەوە من بۆی دەنێرم، بەڵام ئێستا نا، ئێستا دەمەوێ بەخشکەیی بگەڕێمەوە بۆ لای حیکایەتی ئەو دوو هاوڕێیەی کە پێمان دەوتن کۆپی یەکترو لەئێوارەیەکی غەمگینو پڕ تەمو توومانی پایزدا دیار نەمان. منو پاریسی بەتەوسەوە وامان پێ دەوتن، چونکە دووانە بوونو هیچ شتێکی خوایان لەیەك نەدەچوو. بەڵام تاقە شتێکی هاوبەشیان ئەوەبوو کە بۆنی نێرگزیان لێ دەهات. لەدووری دوورەوە دەتزانی کە هاتن. لەدووری دوورەوە دەتزانی کە لەویان. حیکایەتی ئەوەش کە ئەوان لەکاتی لەدایك بوونیاندا یەکی چڵە نێرگزێکی فلیقاوەیان لەمستا بوە لای من ڕاستەو بڕوایەکی تەواوم پێیەتی. چونکە دایکیان لەو ماوەیەی نۆ مانگو نۆ ڕۆژەدا هەمیشە چڵەنێرگزی لەتەنیشتەوە بووەو هەر بۆنی کردووەو لێی تێر نەبووە، دەڵێن بێزووی پێوەکردووەو هەندێ جار خواردوویەتی. بۆیە کاتێ کە لەدایك بوون بەمامانەکەی وتووە، گەر کچ بوونایە ناوم دەنان نێرگزەجاڕ، وەی خوایە! تەماشا چییان پێیە؟ جا ئەم دووانە هیچیان لەیەکتر نەدەچوو، یەکێکیان ناسك، ئەوی تریان دڕندە، دڕندەکەیان تا بڵێی عاشق بوو، ناسکەکەیان تا سەر ئێسقان ڕەزیل. عاشقەکەیان بەتەواوی غەمگین، ڕەزیلەکەیان تا دوا هەناسە شاعیر، غەمگینەکەیان تا حەز بکەی پەیکەرتاشێکی بێ وێنە بوو. کە بەدەستە چکۆلەکانی خۆی هەموو دونیای دەکردە پەیکەری بچووك بچووك.

ئەو دووانە دوو هاوڕێی گیانی بەگیانی منو پاریسی بوون، دوو هونەرمەندو بەهرەمەندی بچکۆلەی گەورەبوون لەئێوارەیەکی سەیردا دیار نەمان. لەئێوارەیەکدا کە بۆ من گرنگییەکی تایبەتی هەبوو کە ئەوان زیندوو بن. کەچی ئەوان دیار نەمان. هەر لەناو دڕکەکانی سیحربازەکەدا بوون، هەر دەبێ وابێ، چونکە هەر بۆ شەوەکەی کە پارچە شیعرێكو پەیکەرێکی بچکۆلەی تەواو نەکراوی گیرفانیان لەناو دڕکەڵانەکەی بەردەرگایماڵەکەی ئەودا دۆزییەوە، ئیتر پۆلیسەکان دەستبەجێ کەوتنە پشکنینێکی زۆر وردی ئەو ناوە، بەڵام ئەوانیان نەدۆزییەوە. موفەوەزی پۆلیس کە سەرپەرشتی کاری دۆزینەوەکەی دەکرد کوڕێکی گەنج

بوو كە سمێڵێكی ناشرینی هەبوو كە هەر چەند تاڵێك بوو كە لەوەدەچوو بەهەڵە لەویا رووابن. سمێڵێك بوو كە لەوەدەچوو قەرزی كردبیٚ‌و لەكاتی دانەوەدا چەند تاڵێكی بۆ خۆی گلدابێتەوە. زووزوو بەخۆی دەوت تووخوا! ئەمە ئیشە من هەمە، بەردبباریٚ.. گووبباریٚ. بەخۆیو لایتێكی گەورەی دەستیەوە فەرمانیدا كە ماڵی سیحربازەكە بگەڕێن. پۆلیسەكانیش بەقاچ‌وقووڵی زامدارەوە لەناو دڕكەكانەوە هاتنە دەرەوە. خوێنیان لیٚ دەچۆڕا. دڕكەكان وەكو وردە ماری برسی لەقاچ‌وپێلاٚوەكانیان ئالاٚبوون‌و تیژ رۆچووبوون. ماڵی سیحربازەكەیان بەبرینداری سەروژێركردو هیچیان نەدۆزییەوە بەتوڕەییو شكستییەوە، ئەو ناوەیان بەجێهێشت، موفەوەزی پۆلیسیش جنێوێكی مزری بەو كەسەش دا كە تەلەفونی بۆ كردبوون‌و سیحربازەكەی تاوانبار كردبوو. ئەوە من بووم كە ئەو هەواڵەم بەپۆلیس راگەیاندو بەدزییەوە تەلەفونم بۆ كردن. دەمویست بگیریٚ. من ئێستاش دوای ئەو هەموو ساڵانە هەر لەو بڕوایەدا كە دیارنەمانی كۆپی یەكترو زۆر رووداوی دڵتەزێنی ئەم ناوەو ئەم گەڕەكەی ئێمە دەستێكی نهێنی ئەوی هەر تیا بووە. بۆیە دەمویست هەر هەقی لیٚ بكەمەوە. بۆیە من قەت لەوە پەشیمان نیم كە هەوڵێكی شێتانەم دا بۆ ئەوەی بگیریٚ‌و ئیدی شوێنەواری لەم ناوە نەمێنیٚ. ئای خوایە دڕكەكانی ئەو چی بەمنداڵانی ئەم ناوە نەكرد. ئەو منداڵانەی كە بەرێكەوت بۆ یاریكردن رێیان دەكەوتە لای دڕكەكانی ئەو. ئای لەو هەموو منداڵە قاچ‌وقووڵ زامدارانە، لەپەل‌و پۆكەوتووانە. خەستەخانەی شیرەكە كە نزیك ماڵی ئێمە بوو، پڕ بوو لەمنداڵی بریندار. دڕك بەشێوەیەك چەقیبووە جەستەیان بەنەشتەریش دەرنەدەهات. هەروەك (تاتوو)ێك بەجەستەیانەوە شوێنەواری دەمایەوەو زەحمەت بوو بیسڕیتەوە. دوكتۆرەكان سەرسام‌و واق وڕماو بەتیژی ئەو دڕكانە. یەكێكیان كە تازە دامەزرابوو، لەوەدەچوو رقێكی زۆری لەخواردنی هیندی بیٚ دەیوت: (ئەمانە دڕكن یان دەلوبیبەرو عەمبە).

ئەم پیاوە كۆشكێكی رووخاوی لەتەنەكەو دڕك دروستكردبوو، ماڵەكەی لەكەلاوەكەی تەنیشت كۆلاٚنەكەی ئێمە بوو، كەلاوەیەك كە سروشت زۆر دڵڕەقانە فەرامۆشی كردبوو، بەجۆرێك وەك ئەوەی بەدزی نەخشەو جوگرافیاوە كەوتبێتە ئەو ناوە. چواردەوری پڕكردبوو لەدڕك وەك بیەویٚ لەشتیٚ.. لەكەسیٚ بیشارێتەوە. لەدوورەوە جگە لەدڕكەلاٚنێك هیچی‌تر نەدەبینرا. جۆرە دڕكێكی دەگمەن بوو، من لەهیچ شوێنیٚ دڕكەزێی مل درێژو مەچەك ئەستووری لەو جۆرەم نەبینیبوو. ئەوانە ئەو چەقۆیانە بوون كە لەجەستەو سیماو قاچ‌و قووڵی منداڵان دەچەقان‌و بەپەلەو نیوەمردوویی دەیانگەیاندنە خەستەخانەی شیرەكە. كە یاری خۆشاردنەوەمان دەكرد، هەر لەناو دڕكەكاندا خۆمان دەشاردەوە، هێندە دڕكمان لیٚ دەچەقا، دەتووت ژیشكین، ژیشكێك بەدڕكەكانی خۆی هەلاهەلاو ماڵوێران بێت. تەنانەت ئەو كاتەش كە سیحربازەكەم بەگرت دا، دڵێكم هەر لەلای ئەو دڕكانە بوو كە شارەوانی دێت‌و بەئاگرێك شوێنەواری نایەڵێت، بەلاٚم لەوەیاندا من بەهەڵە دەرچووم.

ئێستا ئیتر كاتی ئەوە هاتووە، كە هەموو شتەكان پێكەوە ببەستمەوە، بەلاٚم پێش ئەوەی ئەوە بكەم، دەمەویٚ باسی نهێنییەك بكەم كە چەندەها ساڵە لەگەڵ‌ خۆمدا دەیهێنم‌و دەیبەم، وە بەبیٚ دركاندنی ئەو نهێنییە ئەم چیرۆكەمان نوقسان دەردەچیٚ. ئەم چیرۆكەی من‌و پاریسیو هەردوو كۆپی یەكتر. ئێمە چوار هاوڕیٚ بووین، دەفتەرێكمان هەبوو ناومان نابوو دەفتەری ریكۆردەكان. هەموو خەڵكی ئەم شارە ئاگایان لەو دەفتەرە هەیە، شتێكیان لەبارەیەوە بیستووە. ئەم دەفتەرە بەبادانی چوار كلیلی جیاواز لەیەك كاتدا

دەكرێتەوە. ئێمەش هەر چوارمان یەكی كلیلێكمان پێبوو، هەر ئێمەش بۆمان هەبوو بیكەینەوەو ناوی ئەو كەسانە تۆماربكەین كە لەم شارەدا بتوانن ریكۆردێك لەهەر شتێكدا بێت بشكێنن‌و ناویان بچێتە ناو دەفتەرەكەوە. دەفتەرێك كە لەسەری نووسراوە: (دڵی خەڵكانە بەهەشت.. دڵی خەڵكان) ئەم دەفتەرە تەمەنی دووسەد ساڵ زیاترە، لەباپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە. باب‌و باپیرانمان هەموویان هاوڕێی نزیكی یەكتر بوونە. هەر لەسەرەتای دروستبوونی ئەم شارەوە، ئەوانیش بیریان لەدەفتەرێكی وا كردەوە، یەكەمجار تەنها ناوی ئەو كەسانەیان تۆماركرد كە شتێكی جوانیان كردبوو بۆ ئەم شارە، ناوی كەسانێك كە قوتابخانەیەك، باخچەیەك بۆ منداڵان پاركێك بۆ پیاسەی ئێواران، رۆژنامەیەك یان خەستەخانەیەكیان كردۆتەوە. بۆ بەشی وەرزشیش ناوی ئەو كەسانەی كە لەهەندێ یاریدا ژمارەیەكی پێوانەییان شكاندووە. لەبەشی منداڵانیشدا زۆر یاری تیایەو یەكێ لەوانە چاوشاركێ‌و خۆشاردنەوەیە. ئەم دەفتەرە هەندێ ناوی تیایە كە مێژووی ئەم شارە، بەشانازییەوە باسیان دەكات. ئێمە هەر چوارمان پەیوەندییەكی تەواومان بەخەڵكانی ئەم شارەوە هەبوو، بەگەورەو بچووكەوە. گەر لەهەچ شوێنێ، كەسێ بتوانێ ریكۆردێك بشكێنێ، ئەوا یەكسەر ئێمە ئاگادار دەكراینەوەو ناوەكانمان تۆماردەكرد. زۆر لەرۆژنامەو گۆڤارەكانی ئەوسای شار دەهاتن‌و شتی گرنگیان لەم دەفتەرەوە دەگوازتەوە بۆ ناو لاپەڕەكانیان.

من، خەریك ریكۆرد، رۆژێك لەرۆژان خەریك بوو لەبەشی منداڵاندا بۆ خۆشاردنەوە ناوم بچێتە دەفتەرەكەوەو سیحربازەكە نەیهێشت. ئەو وای كرد من گڕ بدرێم. من سەد جار لەسەر یەك لەیاری خۆشاردنەوە بردبوومەوە، یەك جارم مابوو بۆ ئەوەی ریكۆردەكە بشكێنم. پێش من كەسێ، بەناوی كەس نەزانەوە ناوی تۆماركرابوو، باوكم دەیگێڕێتەوەو دەڵێ كە ئەم كوڕە لەچلەكاندا كە خۆی دەشاردەوە تا هەفتەیەك نەدەدۆزرایەوە، كەچی لەبەردەمیشتا بوو، هونەری خۆشاردنەوەی ئەو كوڕە بێ وێنە بوو، دوایی كە گەورە دەبێ‌و دەچێتە ریزی شۆڕشەوە. لەشەستەكاندا بەنهێنی هەموو شار دەخاتە سەر باوەڕی شۆڕشگێڕی. حكومەتی ئەوسا وەك شێت بەشوێنی ئەودا دەگەڕێن‌و كەس نازانێ ئەم كەسە لەكوێ خۆی شاردۆتەوە. ئەو كەسەی هەموو شاری كردۆتە ئاگری شۆڕش. جارێكیان دە هەزار كەس بەدوویدا دەگەڕێن‌و هەموو شار تەی دەكەن‌و نایدۆزنەوە. تا رۆژێ لەسەر شەقامێكی گشتی دەچێتە بەینی دوو كەسەوە بۆ ناوبژیكردن، دوو كەس كە نایانناسێ، چەقۆیەك بەر دڵی دەكەوێ‌و ئیتر هەڵناسێتەوە.

من ئێستا نازانم كە كەس نەزان چۆن خۆی شاردۆتەوە؟ چۆن چۆنی لەبەردەمتدا بووەو نەتبینیووە؟ نازانم هونەری خۆشاردنەوەی ئەو چیبووە؟ بەڵام من نهێنی خۆمتان بۆ ئاشكرا دەكەم. لەڕاستیدا من لەناو دڕكەكانی سیحر بازەكەدا خۆم دەشاردەوە، ژوورێكم لەناویا دروستكردبوو كە لەهەموو لایەك‌و هەموو كەسێكم لێوە دەبینی‌و كەسیش منی نەدەبینی. بەشێوەیەك خۆم مات دەكرد دەبوومە یەكێك لەو دڕكانە، بەجۆرێ جیاكردنەوەمان زەحمەت بوو. هێندە لەوان دەچووم گەر دڕكەكان زمانیان هەبوایە هەزار جنێویان بەمن دەدا. ئەو ئێوارەیە هەموو كەسێ دەیزانی كە من ریكۆرد دەشكێنم، هەموو منداڵانی ئەم ناوە چاوەڕێی ئەوەبوون كە من بیبەمەوە. سیحربازەكە لەبەر دەرگا بوو، ئاگای لەهەموو شتێ بوو، من وا خۆم رەق كردبوو هەر بەتەواوی ماندوو بووم، لەرەیەكم بۆ كردو كۆكەیەكی نەرمیش بەدوایدا. ئای داخەكەم! سیحربازەكە بەچ رقێكەوە سەیری ئەو شوێنەی كردو منیش ترسام یەكسەر هاتمە ئەولاوە بۆ ئەوەی ژوورەكەم ئاشكرا نەبێ. ئەو هاواری كردو منی بەگڕدا.

هەمیشە! وا بوو، پێی ناخۆش بوو بچینە ناو دڕکەکانییەوە. ڕقێکی گەورەی لەهەر چوارمان بوو ئێمە تاقە کەسانێك بووین کە لەدڕکەکانی ئەو نەدەترساین. تاقە منداڵێکی ئەو ناوە بووین کە بەزامداریو بەپەلەپڕۆزکێ نەیانبردووین بۆ خەستەخانەی شیرەکە. هەردوو کۆپی یەکتر، یەکێکیان دڕکەکانی کردبووە ئیلهامی شیعرو لەو دڕکانەوە دێڕی وای دەوت کە شاعیرانی سەرسام دەکرد، زمانی شیعری ئەویان بەو منداڵییەوە ناونابوو جوانترین زمانی دڕك، بەڵام هەتا بڵێی ناسك، ئەوی تریشیان کۆمەڵێ فیگوری سەیر سەیری لەو دڕکانە دروستدەکرد دڵۆپێك خوێن چییە لەسەری پەنجەیەوە نەدەهات. ڕۆمانی پاریسیش دەیووت من بەدڕك خۆشە بوومە، من هەر دەمێکە لەعەشقی کیژۆڵەی دێیەکەی باپیرمەوە دەستمکرد بەدڕك خواردن، یەکێ دڕکی عەشقی وا لەیادەوەرییدا مابێ ئەم دڕکە نەرمانە چیین. منیش وەك وتم ژوورێکم لەناو دڕکەلانەکەدا دروستکردبوو هەموو شتێکم لێوە دەبینی، ئای خوایە! لەویادا سیحربازەکە منی نەدەبینی. من لەوێ زۆر سەیری ئەو پیاوەم دەکردو لەکردەوە نائاساییەکانی رادەمام. هەندێ جار لەخۆیەوە دەگریا. هاواری دەکردو بەزمانی باڵندە جنێوی دەدا. جارجارەش لەکاتی ڕەشەبادا بەقاقا پێدەکەنی. لەو کاتەدا شتی سەیری سەیر ڕوودەدا. وەك دیاریو خواردنی لەملاو ئەولاوە بۆ بێت. لەئاسمانەوە لەناو حەوشەی ماڵەکانەوە ڕەشەبا کەشتی بۆ دەهێناو لەدڕکەکانەوە دەئالاڵن. ئەویش لێی دەکردنەوەو دەیبردنەوە بۆ ماڵەوە. ئای خوایە! بەم چاوانەی خۆم دەمبینی. جلوبەرگی سەر تەناف، نانی سەر ساج، مەنجەڵە یاپراخ، سۆندەی حەوشە، گسکی بەردالان، پاسکیلی منداڵان، بەرمیلی ئاوی سەربان، سەعاتی گەورەی هۆڵەکان، توحفەو شتی وردی جوان جوان، تەنانەت گوڵە دەگمەنەکانی ماڵی شەوقی فەنی کە لەسەر خونچەیەکی سیسی.. گەڵایەکی زەردی وەریوی تا بەردەرگای دۆزەخ لەگەڵتا دەهات. شەوقی فەنی ئەو کەسە بوو کە هەزارەها تۆپی ئێمەی بەدانەکانی تەقاندووە. لەکاتی ڕەشەبادا ئاوها گوڵەکانی بێناز بەدڕکەکانەوە دەمانەوە. هەچ شتێ ببووایە بەدڕکەکانەوە، ئەو بەهی خۆی دەزانی. هەچ وەختێ برسی بوایە، دەهاتە دەرەوەو چاوی دەبڕییە چاوی ئاسمان، تا نەدەبووە ڕەشەبا چاوی نەدەتروکاند. بەڵێ هەر لەو ژوورەدا دەمبینی، هەر لەو ژوورەدا بوو کە من لەناو دڕکەکاندا دروستمکردبوو، ئەوم دەبینی. هەر لەوێشدا بوو خەیاڵێکم بۆ هات، خەیاڵێك بۆ تاوانبارکردنی سیحربازەکە بەدز. من هاتمەوە بۆ ماڵەوە. هەموو فەنتازیای خۆم بەکارهێنا بۆ هۆنینەوەی نامەیەکی خەفەتاوی، نامەیەکی بێ ناوی خۆم بۆ ماڵەکان کە تیایدا بکوژی کۆپی یەکترم بەدز تاوانبارکردووە. تیایدا ئەوەم باس کردووە کە سەیرێکی شتەکانیان بکەن، چی لەماڵتاندا دیار نەماوە وەرن‌و لای سیحربازەکە دەیدۆزنەوە، نامەیەکی زۆر تایبەتیم بۆ شەوقی فەنی نووسی‌و باسی مەرگی گوڵەکانیم بۆ کرد. نووسیم کە جاران گوڵەکانت نازدار–نازدار وەنەوزیان دەدا، ئێستا وەرە بیانبینە چۆن لەسەرەمەرگان. چاوەڕێی بینینی تۆ دەکەن پێش ئەوە من هەموو گوڵەکانم لەدڕکەکان کردەوەو فڕێمدانە ماڵی سیحربازەکە. من، شەوقی فەنیم بینی وەك ئەسپێکی بریندار غاری دایە دەرەوەو دەرگای ماڵی سیحربازەکەی بەر بۆکس دا تا لێی کردەوە، پاڵێکی پێوە ناو چووە حەوشەکەیەوەو گوڵەکانی بینی. هاوارێکی کرد هەموو دونیای ئەو ناوەی هێنایە دەرەوە. خەڵکانی تریش بەخۆیان‌و تێڵایەك‌و نامەکەی دەستیانەوە، ئەوەی کە شتی لەماڵەکەیدا دیار نەماوە جورئەتیان دایە بەر خۆیان‌و دوای ئەو هاوارەی شەوقی فەنی چوونە ماڵی سیحربازەکەو زۆر کەس شتی خۆی لەوێ بینییەوە، هەر ئەو شەوە شکاتیان لێکردو گرتیان. ئەوجا هەمووان بەخۆشی چوونە ماڵەوە. من هەر لەماڵەوە گوێم لەناڵینی شەوقی

فەنی بوو، تا بەیانی بۆ گوڵەکانی دەگریا. ئەو شەوە یەکەم شەو بوو کە من بەئارامی سەربکەمە سەر سەرین.. ئەو ساتە بوو کە من لەهەمووو ژیانمدا چاوەڕێم دەکرد. هەر بەهۆی شەوقیٚ فەنییەوە پێم زانی کە سیحربازەکە دوای دوو مانگی‌تر دادگایی دەکریٚ. باوکم ماوەیەکی زۆر نەخۆش بوو، دایکیشم هەر فریای ئەوە دەکەوت کە ئاگای لەوبیٚو خزمەتی بکات، بۆیە تەنها کەسیٚ بۆ من‌و پاریسی شەوقیٚ فەنی بوو کە وەك خۆمان بریندار بیٚو دوای ئەو رووداوە بکەویٚ، من ئەو دوو مانگە خۆم تەییارو ئامادە کرد. کتێبی زۆرم لەسەر دادگا خوێندەوە، لەسەر کوشتن‌و تاوان، کاراکتەری پیاوکوژ، چۆنێتی دەست جوڵاندن لەکاتی قسەکردندا لەدادگا. هونەری بەدرۆخستنەوە، زەردەخەنەی درۆ، فرمێسکی تیمساح. سیحربازو فێڵەکانی.. شیکردنەوەی خەون. کتێبێکم خوێندەوە بەناوی (وەی نەگبەت)، باسی ئەو پیاوکوژانە دەکات کە هەمووکاتی دانیشتنەکانی دادگا دەگرین بۆ ئەوەی سەرۆکی دادگا حوکمەکەیان بۆ کەمبکاتەوە. کتێبێکی‌تر بەناوی (گوێبگرە! ئەی پیاوکوژ)، باسی حوکمی ئیلاهی دەکرد لەسەردەمی یۆنانی کۆندا. هەرچەندە من زۆر لەو کتێبانە تێنەدەگەیشتم، بەلاّم سوودێکی زۆرم لیٚ بینین بۆ نووسینی نامەکانم بۆ سەرۆکی دادگا. ئەوە ئەو کاتە بوو کە رۆژی دادگاییکردن هاتە پێشەوە، من‌و پاریسی‌و شەوقیٚ فەنی یەکەم کەس بووین کە چووینە ژوورەوە. پێش ئەوەی خەڵکێکی زۆر بێن، دوور لەچاوی پۆلیسەکانی ناو دادگا، نامەیەکی دوورودرێژم خستە سەر مێزی سەرۆکی دادگا، تیایدا باسی زۆر شتم بۆ کرد، باسی ئەو پیاوەی کە سیحربازەکە کردی بەبەردو ئێستاش لەبەردەمی ماڵەکەیدا ماوە. باسی کوشتنی هەردوو کۆپی یەکترو منداڵە بریندارەکانی ناو دڕکەکان. باسی دزین‌و دیارنەمانی کتوپڕی هەزارەها شت.. کاتیٚ حاکم هاتە ژوورەوە، هۆڵەکە پڕبوو لەخەڵك، نامەکەی بینی‌و پرسیاری کرد ئەم نامەیە هی کێیە؟ کەس قسەی نەکرد. چاوێکی پێدا خشاندو چەند جارێك سەری باداو خستیە گرفانییەوە. لەڕۆژی یەکەمدا سەرۆکی دادگا، سیحربازەکەی بەدز تاوانبار کرد. ئەویش وتی من هیچ شتێکم نەدزیووە. ئەوانە دیاری رەشەبان بۆ من. من رەشەبا بەخێوم دەکات.. گەردەلوول نازم دەداتیٚ ئازیزم. هەموو دایانە قاقای پێکەنین. حاکمیش وتی: نازی چی هەتیو! تۆ یەکبار شتت لەخەڵك دزیووە.

ئەویش وتی: ئەوانە دیارین.. دیاری.

بەگشتی دادگاییکردنی سیحربازەکە، هەفتەیەکی پیٚچوو. نەك لەبەر ئەوەی کە خەڵکێکی زۆر دەهاتن‌و سیحربازەکەیان بەشتی سەیر سەیر تاوانبار دەکرد کە من خۆم لەدڵەوە بڕوایەکی تەواوم بەوە بوو کە ئەو دەستی تیا نەبووە. بەڵکو زیاتر لەبەرئەوەی کە ئەم پیاوە زوو زوو خوێنی لووتی دەپژا. خوێنەکە بەهیچ شێوەیەك رانەدەوەستا، دووسیٚ رۆژ لەسەریەك ناچاربوون لەخەستەخانە بۆی بسووتێنن تا خوێنەکەی رابگرن. من لەنامەکانمدا بۆ سەرۆکی دادگا دەمنووسی: گەورەم! ئەم سیحربازە درۆ دەکات، کە درۆ دەکات وای لیٚ دیٚ. تۆ پێنۆچیۆ دەناسی، کە درۆی دەکرد لووتی درێژ دەبوو، ئەم کابرایەش کە درۆ دەکات خوێنی لووتی دەپژێت. هەریەك لەئێمە گەورەم! کە درۆ دەکەین، شتێکمان لیٚ روودەدات، گرنگ ئەوەیە بدۆزرێتەوە. ئەوە میتۆدێکی باشە بۆ دۆزینەوە. رۆژی تر بۆم دەنووسی، تۆ سەیری پەنجە گەورەی بکە کە قسە دەکات لەمشتیدا دەیشارێتەوە، ئەوە ئەوە دەگەیەنیٚ کە ئەم پیاوە نایەویٚ خۆی ئاشکرا بکات. پەنجە گەورە بەمانای (بەرزەمن) دیٚ، کە نایەویٚ کەس بیبینیٚ. رۆژی تر دەمنووسی، تۆ سەیر چۆن رەنگی دەگۆڕێت کاتێ باسی کۆپی یەکتر دەکەی؟ چۆن تینووی دەبیٚو داوای ئاو دەکات کە باسی ئەو پیاوە دەکەی کە بوو

بەبەرد. کە باسی ئەو دڕکانەی دەکەی، ئەو چەقۆو کێردانەی کە منداڵانی ئەو ناوەی پارچە پارچەو لەتوپەت دەکرد هیچ وەلاَمێکی نییە. تۆ بڵێ تۆوی ئەم دڕکانەت لەکوێوە هێناوە، من سەد دەر سەد دەزانم کە دوای ئەو پرسیارە کە دەڵێ نازانم خوێنی لووتی دەپژێ. بۆ بەیانی کە پرسیاری لێدەکرد، چۆنم بۆ سەرۆکی دادگا دەنووسی، ئاوا دەکەوتەوە. دەمنووسی ئەوەکەی دیارییە کە خەڵك بێنەوە بۆیو بڵێن بماندەرەوە. حاکم دەیووت، ئەی باشە بۆچی نایاندەیتەوە؟ ئاخر گەورەم ئەوانە دیارین.. دیارین.. هەردووکیان تووڕە، حاکم دەیووت: هەموو شتێ دیاریی نییە. ئەو هاواری دەکرد دیارییە دیارییە. هەموو شتێ بێتە ناو دڕکەکانەوە بەهی خۆمی دەزانمو دیارییە.

سەرۆکی دادگا هەڵچووبوو، دەینەڕاند:

–ئەو پەیکەرەی بەردەمی ماڵەکەت، ئەویش دیارییە؟

–بەڵێ.. دیارییە.

–ئەو پیاوەی کە بوو بەبەرد دیارییە؟

–بەڵێ.. دیارییە.

–کۆپی یەکتر.. ئەوانیش دیارین؟

–بەڵێ.. دیارییە دیارییە.

هێندە هەڵچووبوو، نەیدەزانی چی دەڵێو باسی کێ دەکات. زوو زوو خوێنی لووتی دەسڕی. هەموو دادگاو ژێر کورسییەکانی کردبوو بەخوێن.

هەفتەیەك بەم شێوەیە تێپەڕی. دواجار هەر بەکراسی خوێناوییەوە بەتاوانی دزی دوو ساڵی بۆ نووسرا.

حاکم وتی: تۆ پیاوکوژیشیت، بەلاَم بەداخەوە هیچ بەڵگەیەکم بەدەستەوە نییە. دووری بخەنەوە لێرە تا بۆنی ئەم خوێنە نەیخواردووین.

بۆ رۆژی دوایی پۆلیسمان ئاگادارکردەوە لەوەی کە دەنگە دەنگێکی سەیر لەماڵی سیحربازەوە هەڵدەستێ، با بێنو بزانن چییە. هەمان ئەو موفەوەزە، بەهەمان تاڵە سمێڵی جارانەوە بەووردی گەڕانو ئەمجارەیان ژێرزەمینێکیان دۆزییەوە، کە پڕی بوو لەئاژەڵی تینوو، ئەسپی بریندار کە حیلەی دەگەیشتە بنی دونیا، مەیمون کە دەموچاوی پڕبوو لەپاڕانەوە، کرمی گەورەی ئاوریشمی لەناو شووشەی ماسیدا، مشکی سپی جوان جوان کە زیکەیان ناخۆشی کردبوو، مریشکی پەڕزێڕین کە هێلکەی ئاڵتوونیان کردبوو، تووتی خەنافس کە گۆرانییان دەووت، تەنها یەکدێڕیان دووبارەو دەبارە دەکردەوە: (خەیاڵەکانی دەردەدارێتی.. ئەی ئەممان نەممان)، بێچووە بەرازی جوان جوان کە خەریك بوو یەکێکیان قەپاڵێك لەقوونی موفەوەزەکە بگرێت.

زۆر چاومان گێڕا. منو پاریسی لەهەمووان پەرۆشتر بووین ئەوە خوایە کۆپی یەکتر بەزیندوویی لەوێ بدۆزینەوە. یان تەرمی زۆر لەو منداڵانەی کە لەو ماوەیەدا لەملاو ئەولا بەکتوپڕی دیار نەدەمان. بەلاَم کەسمان نەدۆزییەوە. دوای هەفتەیەك ماڵەکەیان تەختکردو دڕکەکانیان سووتاند. بەلاَم بۆ نەگبەتی ئەو دڕکانە هەموو پایزانێك دەڕوێنەوەو ساڵ دوای ساڵ دڕندەترو تیژتر دەبنەوەو قووڵتر بەقاچو قووڵو جەستەو سیمادا رۆدەچن.

مانگێکی پێ نەچوو وا بلاَوبووەوە کە سیحربازەکە لەبەندیخانە هەڵهاتووەو کەس نازانێ لەکوێیە.

ئێستاش هەندێ جار پاریسی بەگاڵتەوە بۆم دەنووسێ:

غەریب! کێ دەڵێ ڕۆژێ لەڕۆژان، من لەسەر ئەم شەقامانەی پاریس نایبینمەوە.

منیش بۆی دەنووسم! نا، دوای ئەو هەموو ساڵانە، ترسی چییتە؟ پێش ئەوەی بگاتە ئەوێ، هەقی خۆی لەمن دەکاتەوە. تا من بژێم تۆ دڵت هیچ نەکات.

ئێستا ئەی خوێنەری ئازیز! مافی خۆتە بپرسیت: ئەی باشە تۆ دوای ئەو هەموو ساڵانە، ئەو کلیلەی رۆمانی پاریسیت بۆ چییە. خۆ ئەو دەفتەرەی هەتانە بەچوار کلیل دەکرێتەوە؟ ڕاست دەکەی، بەڵام گوێبگرە با چیرۆکەکەت بۆ تەواو بکەم.

چوار مانگ پێش ئێستا، شتێ ڕوویدا، ڕووداوێك کە سەرەتایەك بوو بۆ نووسینی ئەم چیرۆکە، گەر ئەو ڕووداوە نەبوایە، قەت ئەم چیرۆکە نەدەنووسرا، قەت پاریسی داوای لێنەدەکردم ئەم حیکایەتە بنووسمەوە.

دوو مانگی لەسەر یەك من خەونم بەهەردوو کۆپی یەکترەوە دەبینی. هەموو شەوێ هەمان خەون.. هەمان سیناریۆ دووبارە دەبووەوە. من لەخەونمدا لەدوورەوە هەردوو کۆپی یەکترم دەبینی، یەکی موکەبەرەیەکی گەورەیان بەدەستەوە بوو، ئەوان لەشوێنێکدا بوون و من دەمویست بچم بۆ لایان نەمدەتوانی. لەوە دەچوو موکەبەرەکەی دەستیان بەباشی ئیش نەکات. دەیانویست شتێ بەمن بڵێن و نەیاندەتوانی. من لەماوەی ئەو دوو مانگەدا هەموو شەوێ بۆ ئەوە دەنووستم کە بزانم ئەوان چی دەڵێن! هەموو شەوێ بەنیازی ئەوە سەرم دەکردە سەر سەرین تا بگەمە ئەوان و نەدەگەیشتم. تا دوو مانگێك پێش ئێستا ئێوارەیەکی غەمگین، ئێوارەیەك تەمێکی چڕ شەڕی بەدونیا دەفرۆشت هەر لەخۆمەوە، وەك یەکێ پێم بڵێ چوومەوە ناو ژووری دڕکەکانەوە ئەو ژوورەی کە جاران خۆمم تیا دەشاردەوە، ئەو شوێنەی کە بۆ من نووسرابوو. دەستوخەتی سەر زەرفەکەم نەناسییەوە، بەڵام کە نامەکەم کردەوە، ئای خوایە! دوو کلیلی تیابوو، دوو کلیلەکە ی کۆپی یەکتربوون، کە لەملیاندا بوو لەکاتی ونبوونیاندا. من لێرەدا هیچ شتێ لەناواخنی نامەکە ئاشکرا ناکەم، هەڵیدەگرم بۆ ئەو کاتەی یەکێك ئەو کلیلەی پاریسیم بۆ دێنێتەوە. لەپاداشتی ئەو چاکەیەدا، من ئەم نامەیەی پیشان دەدەم. نامەیەکی هێندە گرنگە کە نهێنییەکی زۆر گرنگی ئەو کاتە ئاشکرا دەکات. من ئەوە ماوەیەکی زۆرە لەخۆشیدا خەوم لێناکەوێت، بەڵام ئێستا هیچ ناڵێم، نا، هیچ ناڵێم. کە بوو بەسێ کلیل، ئینجا پاریسی بیری لەوەکردەوە کە کلیلەکەی خۆیم بۆ بنێرێتەوە تا دەفتەرەکە بکەمەوە. وەك لەسەرەتاشدا باسم کرد، کە ئەو ئێوارە غەمگینەی کە هەردوو کۆپی یەکتر دیارنەمان، بۆ من گرنگییەکی تایبەتی هەبووە. ئەویش ئەوە بوو کە ئێمە، هەر چوارمان لەکۆبووەنەوەکانماندا لەگەڵ منداڵانی ئەندامدا بڕیار درا کە لەگەڵ ئەوەشدا کە من گرڕدرابووم ناوم هەر بچێتە ناو دەفتەری ڕیکۆردەوە، چونکە خەتای منی تیا نەبووە و سیحربازەکە منی ئاشکراکرد. ئەو ئێوارەیە دەبوایە هەر چوارمان کۆببینەوە و دەفتەرەکە بکەینەوە، بەڵام ئیتر ئەوان دیارنەمان.

ئەوا بۆ ماوەی بیست ساڵ دەچێ، من لەلای خۆمەوە دەفتەرێکی ترم دروستکردووە، ناوی هەموو ئەو کەسانەم تێدا تۆمارکردووە کە ئەم ماوەیە ڕیکۆردیان شکاندووە. گەر ئێستا کلیلەکەم بۆ بێننەوە، ئەوا لەو دەفتەرەوە دەیگوازمەوە بۆ دەفتەری ڕیکۆردەکان. کە من هەموو کاتێ بڕوایەکی تەواوم بەوە بوو کە هەر ڕۆژێ دێت و ئەم دەفتەرە بەکلیلەکانی دەکەمەوە.

ئێستا من نۆ ساڵێك دەچێ ژنم هێناوە. تازە بەتازە دووانەیەکمان بووە، کوڕێك‌و کچێك. پاریسیش کچێکی هەیەو بەتەواوی تاقەتی لەپاریس چووەو حەز دەکات بێتەوە، بەڵام جارێ هێندە قەرزو قۆڵەی لەسەرە، رەنگبێ ماوەیەکی تریشی پێ بچێ. دەنووسێ، حەز دەکەم بێمەوەو لەشار منداڵێکی ترم ببێ، منداڵێك بەکوردییەکی رەوان قسە بکات. گەر وابێ ئەوا دوو منداڵەکەی من‌و دووانی پاریسی دەبنە چوارو یەکسەر دەفتەری ریکۆردەکەیان بەکلیلەکانەوە دەدەینێ‌و خۆیان بیبەن بەڕێوە.

پاریسی دەنووسێ: گەر هاتمەوە پیویستیم بەیارمەتی تۆ زۆر دەبێ. چونکە من لەهەردوولا بووم. هەم ئێرەشم لەدەستداوەو هەم ئەوێش. دەنووسێ: غەریب! ژیانی ئێمە لەدەرەوە چەشنی ئەو گەلآیەی لێ‌هاتووە کە لەدارو لقەکەی خۆی کەوتبێتە خوارەوەو قەتیش بەر زەوی نەکەوتبێت. هەمیشە بۆ هەتا هەتایە بەحەواوە بێ. هەر بابیهێنێ هەر بابیبات. منیش بۆی دەنووسم: نا، وەرەوە ئازیزەکەم. وەرەوە. من یارمەتیت دەدەم. من لەو بارەوە هەروەکو جارانم‌و نەگۆڕاوم. دەزانم خەڵکی گۆڕاون، بەڵام من نا. ئەوا ئیتر ئێستا من خەریکە ئەم چیرۆکە تەواو دەکەم. بەڵام دێر دوای دێر بڕوایەکی سەیرم لا دروست دەبێ، بڕوای ئەوەی کە داواکردنی پاریسی لەمن بۆ نووسینەوەی ئەم چیرۆکە تا بیدا بەکەسێ کلیلەکەم بۆ بێنێتەوە تەنها بەهانەیەك بوو هیچیتر، دەنا خۆی بەهەچ شێوەیەك بوایە ئەو کلیلەی دەگەیاندەوە دەستم بەبێ ئەوەی ون بێ. بەڵام ئەو حەزی کرد کە من ژیانێك بنووسمەوە کە لەپەراوێزی کارەساتەکانیا خەریك بوو ون دەبوو، حەزی کرد چیرۆکێك زیندووبکەمەوە کە دڕکەکانی جاران لەبینەقاقای چەقیبوو.

**ستۆکهۆڵم**

**ئاب-ئەیلوول** 2005